POLITIET

## به نایاسایی تۆمارکردن و هاوبەشکردنی ڤیدیۆی توندوتیژ

به نایاسایی هاوبەشکردنی وێنەی تایبەت و ئابڕووبەرانە*و تۆماری دەنگی و ڤیدیۆیی یەکێکە لەو کێشانەی لەناو منداڵان و گەنجانی نەرویجدا بەربڵاوە. کاتێک شتێک بە ڕێگەی ئۆنلاین هاوبەش کرا، سڕینەوەی زۆر زەحمەتە.

هاوبەشکردنی ڤیدیۆی توندوتیژ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت توندوتیژی لێبکەوێتەوە و حەزی سەرنجڕاکێشانیش توندوتیژییەکە دەباتە ئاستێکی مەترسیدارتر. لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕاددەی بڵاوبوونەوەی ئەم وێنانە هیچ سنورێکی بۆ دانەنراوە.

## هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە . . .

کە هاوبەشکردنی ڤیدیۆی دەستدرێژیکردن واتە دووبارە ئازاردانی قوربانییەکە؟
کاتێک کەسی قوربانی بەوە دەزانێت کە وێنە تایبەت و ئابڕووبەرانەکانی هاوبەش کراون زیاتر هەست بەو ناهەقییە دەکات کە بەرانبەری کراوە؟

## یاسا جێبەجێ دەکرێت، تەنانەت بەسەر مۆبایلەکەشتدا

زۆرێک لە منداڵان و گەنجان شارەزای یاسا نین. هەرچەندە زۆربەی خەڵک دەزانن کە تۆمارکردن و هاوبەشکردنی ڤیدیۆ توندوتیژەکان کارێکی باش نییە، بەڵام لەوانەیە هەندێکیان نەزانن کە ئەمە تاوانە.

## ئەمە بەسەر تۆدا هاتووە؟

- یارمەتی وەربگرە. قسە لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو بکە کە متمانەت پێی هەیە.
- وێنەی شاشەی مۆبایلەکەت بگرە و بەڵگە کۆبکەرەوە.
- ئەگەر ڤیدیۆیەکی توندوتیژت بۆهات، هاوبەشی مەکە. ڤیدیۆکە بسڕەوە، مەگەر وەک بەڵگە پێویست بێت.
- ڕاپۆرتی بابەتەکە بکە بۆ بەرنامەکە یان بەشی خزمەتگوزاریی وێبسایتەکە.
- ئەگەر پێویستت بە ڕێنماییە، پەیوەندی بکە بە پۆلیسی ئێشکگری ئۆنلاین یان پۆلیسی ئاسایی بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٢٨٠٠.
- دەتوانیت ڕێنمایی زیاتر بدۆزیتەوە لە slettmeg.no و ung.no (تەنها بە زمانی نەرویجی بەردەستە).

## دایک و باوکان دەتوانن چی بکەن؟

ئەگەر نیگەران بن لە شتێک کە لە ڕێگەی ئۆنلاین ڕوویدابێت، منداڵان و گەنجان دەبێت بزانن کە دەتوانن لەگەڵ دایک و باوکیان یان کەسانی پێگەیشتووی متمانەپێکراو قسە بکەن. قسە لەگەڵ منداڵەکانتان بکەن، پیشانیان بدەن کە لێیان تێدەگەن، پرسیاریان لێبکەن و دەربارەی دەرئەنجامەکانی توندوتیژی و هاوبەشکردنی ڤیدیۆی توندوتیژ قسەیان بۆ بکەن. ئەمە دەتوانێت وا لە منداڵەکەت بکات بژاردەیەکی دروست هەڵبژێرێت.

politiet.no/deleerlikdelta

DELE=
DELTA

*وێنەی تایبەت و ئابڕووبەرانە ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە تیایدا کەسێک توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت، هەڕەشە یان سوکایەتی پێدەکرێت یان وێنەی سێکسی تێدابێت.